# نوسینی بێباجی هەندێک کوردی چوارمشقی ... جەمال فەتاح

بەشی سێیەم

لەم بەشەدا دێمەسەر باسێکی زانستیانە لەسەر ئیسلامی سیاسی بەگشتی و ئیسلامی سیاسی توندڕەو بەتایبەتی.

ئیسلامی سیاسی بەڕابەرایەتی ئەخوانین مسلیمین وبەسەرۆکایەتی حەسەن بەنا کەدامەزرێنەری ئیسلامی سیاسیەو لەسەرەتای سیەکانی سەدەی ڕابردوو لەوڵاتی میسر دایمەزراند، ئیسلامی سیاسی هەتا هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لەوڵاتی میسرو چەند دەوڵەتێکی تری عەرەبی تێنەپەڕی وشیوازی توندگەرایی لێوە بەدی نەئەکرا، بەڵام لەکۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو وسەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو کاتێک گەلانی ئێران ڕاپەڕین دژی شای بۆگەنی ئێران ولەڕەگوریشە هەڵیانکەند پاشان خومەینی لەفەرەنساوە گەڕایەوە بۆئێران وخۆی وەکو ڕابەری ڕاپەڕین وشۆڕشەکە ناساندو دەستی بەسەر شۆڕشی گەلانی ئێراندا گرت پاش ئەوە حکومەتی کۆماری ئیسلامی ڕاگەیاندو لەدواتریش کردی بە ولایەتی فەقی کەئەوە مەرامێکی کۆنی شێعەگەرایی جیهانی ئیسلام بوو دژی سونەگەرایی، ئەم ڕووداوانەی ئێران ئەخوانین مسلیمینی ڕاچڵەکان وبەمەترسیەکی ڕاستەو خۆو بێچەندوچوونیان ژمارد لەسەر دنیای ئیسلام بەگشتی ولەسەر سونەی عەرەب بەتایبەتی، بۆیە ئەوانیش چاکیان لێهەڵکردوو جگەلە جیهانی عەرەب وگشت وڵاتە عەرەبیە سونی مەزهەبەکان کەڕێکخستنی خۆیان تێدا دامەزراند دەستیان کێشا بۆناو ئەو گەلانەش کەمەزهەبیان سونی بوو بەتایبەتی دەورو بەری ئێران. لەوانەش تورکیەو کوردستانی باشورو خۆرهەڵات وئەفگانستان وپاکستان وچیچان وقرزەکستان وئازربایجان وکشمیر وبۆسنەو البانیا وموسڵمانە کانی هند وهتد. . . ئەمانەش چی لەجیهانی عەرەبی وچی لەجیهانی دەرەوەی عەرەبی ئەخوان ڕێکخستنەکانیان بەدووشێوە گۆش ئەکرد بەشێکیان بەشێوەی نەرم ونیان وئارام ولەسەرەخۆ بەشەکەیتری توند ڕەو شەڕانگیز بەجۆرێک بەهیچ ڕیبازو ئایدیاو دەسەڵاتێک ڕازینەبن جگە لەئیسلامێکی توند ڕەوی کەلەوشکی بەر بەری یەک هەزارو چوارسەد ساڵ پێش. بۆچی ئەمانە دووبەش بوون لەبەر ئەوەی بۆنمونە ئەگەر لەتورکیا ئەسلامێکی توند ڕەو لەوجۆرەی ئەفگانستان وتالیبان دروستبکەن سەر کەوتوو نابێت لەبەر دوو هۆکار یەکەم ئەرتەشی تورکیە ئەرتەشێکی بەهێزەو ئەندامی پەیمانی ناتۆیەو ئەرتەشێکی دەورە دیدەیە بەهیچ جۆرێک سەر کەوتنیان بەدەست نەدەهێنا وەک ئێستا کەحوکمی دەوڵەتی تورکیا ئەکەن، لەلایەکیتر گەلی تورک گەلێکی پێشکەوتووە وهەر زوو دەستی ئەوجۆرە ئیسلامە توند ڕەوە بەدیار ئەکەوت بۆیان پاشان شوێنیان نەئەکەوتن، بۆیە لەبەر ئەو دوو هۆکارە پێویستە لەتورکیا ڕێکخستنێکی هێواش ونەرمونیان دروستبکرێت بۆئەوەی سەر کەوتن بەدەست بێنن وەک هێنایان.

بەڵام لەئەفگانستان پێویستە تالیبانی توند ڕەو هەبێت، لەبەر ئەوەی یەکەم ڕژێمی کۆمۆنیستی ڕاجیب اللە کۆمۆنیست لەسەر کاربوون لەئەفگانستان، دووەم ئەفگانستان خاوەنی ئەرتەشێکی بەهێزنەبوو وەک تورکیا بەخەیاڵی تالیبان وتیان بەزوترین کات لەناوی ئەبەین بەڵام نەیان زانی کەجەیشی یەکێتی سۆڤیەتی دێت بەهانای دەوڵەتی کۆمۆنیستی ئەفگانستانەوە وپشتگیری تەواویان لێدەکەن، پاشان ئەگەر ئەمریکا نەهاتایە

بۆپشتگیری تالیبان ئەوە لەسەرەتای جەنگەکەیاندا تالیبان لەناوئەچوون وپاشان ئەفگانستانیش ئەبووە پێگەیەکی بەهێزیتری یەکێتی سۆڤیەتی دوژمنی سەرسەختی ئەمریکا بۆدوژمنایەتی ئەمریکالەلایەکو جیهانی ئیسلام لەلایەکیتر.
بۆیە ناچار ئەمریکا پشتگیری تالیبانی کردو ڕژێمی کۆمۆنیستی ڕاجیباللە گاندی وئەرتەشی یەکێتی سۆڤیەتی لەئەفگانستان دەرکرد وتالیبانی کرد بەدەوڵەت لەسەر ئەفگانستان، بەڵام ئەمریکاش نەیزانی فکرەی ئەخوانین مسلیمین نەباشترە وپڕمەترسیترە لەفیکرەی کۆمۆنیستی چونکە ئەوەبوو لەباتی دۆستایەتی ئەمریکا کەڕزگاری کردن لەئەرتەشی یەکێتی سۆڤیەت ورژێمی کۆمۆنیستی ئەفگانستان تالیبان ئەفگانستانی کرد بەپایەگایەکی بەهێزدژی ئەمریکا وئەوەبوو بنلادەنی مامۆستای فیکرەی ئەخوانینمسلمین یان هێنا لەئەفگانستان دەستی کرد بەکردنەوەی دەوراتی دروستکردنی تیرۆر بەگشت جۆرەکانیەوە، هەتا ئەوەبوو ناوەندی بازرگانی ئەمریکایان تەقاندەوە لە11یسپتەمبەردا پاشان ئەڕووداوە ئەمریکای ڕاچڵەکاندو ناچار هاوشانی سوپای هاوپەیمانان پەلاماری ڕژێمی ئیسلامی تیرۆریست پەروەری ئەفگانستانیان داولەناویان برد پاشان گەڕایەو بۆئێراق وهتد..
بەڵام ئەوەی گرنگە کەمن لەم باسەدا ئیسلامی سیاسی کوردستانە کەباسی لەسەر بکەین هەرچەند لەکۆمەڵە وتارێکی ترمدا باسی تەواوم لەئیسلامی سیاسی کوردستان کردووە بەڵام پێویستە لەم باسەشمدا ئاماژەی تەواویان پێبکەم بۆهەرچی زیاتر ناساندنیان بەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.
ئیسلامی سیاسی لەکوردستان دووبەشی سەرەکین هرچەند لەبەر نەگبەتی کورد دەردەکورد ئەوانیشی گرتووە بۆیە بوون بەچەندین دەستەو لایەن بەڵام لەخۆیدا دووبەشی سەرەکین کەبەم جۆرە ڕووناکی ئەخەمەسەر گشت لایەکیان بەگشتی ودوولایەنە سەرەکیەکە بەتایبەتی.
باڵی یەکەمی ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا باڵی ئەخوانینمسلمینی نەرم ڕەوە کەئەویش لەیەگرتووی ئیسلامی کوردستاندا خۆی ئەنوێنێت، ئەم باڵەیان لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لەکوردستاندا چەکەرەیانکرد وبوون بەخاوەن ڕێکخستنێکی فراوانی بەهێز وحکومەتی بەعسیش خۆی لێکردبوون بەکەڕەمار هیچ دەستکاری نەدەکردن بەڵکو زۆرجار ئاسانکاری بۆئەکردن لەبەر ئەوەی وەک وتم ئەمانە لەسەرەتادا بۆدژایەتی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران وبەرگری لەعەرەبی سونە دروستکران، کەوەک هەمووڵایەکمان ئاگادارین لەسەرەتای مانگی 1980/8 سەدام وبەعس پەلاماری ئێرانیان داوتاکۆتایی هەشتاکان ئەوجەنگە بەردەوام بووکاتێک سەدام وبەعس ئەیانزانی ئەمانەش بەشێکن لەپێشگری ڕژێمی ئێران وشێعەگەرایی لەجیهانی ئیسلامدا بۆیە هیچ دەسکاریەکی ئەو ڕێکخستنەی ئەخوانینمسلمین یان نەکرد، دەنا هەموومان سەدام وبەعسمان ئەناسی کەبۆسەرکوت کردنی هەر جۆرە حزبو ڕێکخستنێک لەئەئێراقدا تفیان لەدۆ نەئەکردو شەرمیان لەکەس نەبوو، وەپەلاماردانی سەدام وبەعس بۆئێران لەسەرەتای هەشتاکاندا بەشێک بوو لەوترسەی جیهانی عەرەبی سونە لەڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران وولایەتی فەقیەکەی خومەنی. لەهەشتاکان هەتا سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو یەکگرتوو لەلای خەڵکی سادەو نەخوێندەواری کورد هەرئەیان وت ئێمە حزب نین هەر کۆمەڵە موسڵمانێکین خواناویەتە دڵمان موسڵمان بووین؟؟!!. لەناوەڕاستی هەشتاکانیش کەمەلا عوسمان عەبدول عەزیزو مەلاعەلی برای لەدەستی ڕژێمی سەدام هەڵهاتن وپەنایان بۆئێران برد ئێران چەکداریکردن وبەچەکو بەدروا هاوکاری باشی کردن ئەمەش بۆئەوەی ئەوتەوژمە حزبی

وڕێكخستنەی ئەخوانینمسلمین كەم بكەنەوە لەسەر خۆیان وەبۆئەوەی هیچ نەبێت بەشێك لەسونەكان بك بەلایەنگری خۆیان بۆدژایەتی كردنی ئەوتەوژمەی ئەخوان و سونەكانی عەرەب بەتایبەتی. جگەلە مەلاعوسمان ومەلا عەلی پێش ئەوانیش ئێران حاجی شێخ قادر ناوێك وكۆمەڵێك كوردی تری چەكدار كردبووهاوكاری باشی ئەكردن وموچەشی پێئەدان بۆهەمان مەبەست. ئەمە سەرەڕای ڕێكخستن وهاوكاری كردن وراپەڕاندنی شێعەكانی ئێراق وشێعەكانی ئەفگانستان وشێعەكان پاكستان وشێعەكانی توركماننستان وشێعەكانی هند وشێعە عەلەویەكانی توركیاو شێعەكانی سوریا وشێعەكانی كەنداوی عەرەبی لەگشت دەوڵەتانی كەنداوهەتا ئەگاتە شێعەكانی لیبیاو مەغریب وهتد...

بەڵام خۆڕاگری ڕژێمی تازەسەركار كەوتووی كۆماری ئیسلامی ئێران وفیداكاری لەڕادەبەدەری لاوانی شێعەی ئێران لەبەرەكانی جەنگی ئێران ئێراقدا چۆكی بەسەدام وبەعسداداو ئەمەش هەموعەرەبی ترسان كەچیتر نەوێرن خۆیان لەبواری جەنگ بدەن لەگەل ئێران، لەلایەكیتر ئێرانیش بەخۆیدا چووەوە وباشیشی ئەزانی لەگەل ئەوەی كەناتوانن بارنامەی ولایەتی فەقێكەیان لەچوار چێوەی ئێران تێپەڕێنن لەهەمان كاتدا ناشتوانن لەبەرانبەر هەموو دنیای عەرەبی سونەدا بجەنگن بۆیە ئێرانیش ئیتر لەسەر كراسەشڕەكەی خۆیان دانیشتن وهەوڵی قایم كردنی سونورەكانی خۆیاندا لەهەر چوار لاوە تاكو دوژمنانیان چی سونەكان وچی ئەمریكا كەهەر لە هاتنەسەر كاریان ڕژێمی كۆماری ئیسلامی ئێران دژایەتی خۆی بۆئەمریكا ڕاگەیاند بوو كەبەئێستاشەوە لێی پەشیمان نەبوونەتەوە، .

پاش ڕاپەڕینی كوردستانی باشور وفراوان بوونی گۆڕەپانەكە ئیسلامیەكانیش لەئێرانەوە بەگشت باڵەكانیانەوە هاتنەوە كوردستان وباڵی بزوتنەوەی ئیسلامی بەسەرۆكایەتی مەلاعوسمان ومەلاعەلی كەبەهێزترین باڵی ئیسلامی چەكدار بوو لەگەل باڵی ئیخوانینمسلمین كەخۆی لەیەكگرتووی ئیسلامی ئێستادا ئەبینیەوە یەكیان گرتوو بوون بەلایەنێك هەتا لەهەڵبژاردنی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستاندا یەك لیستیان هەبوو كەبەهەموویان لە7%دەنگەكانی پەرلەمانیان بەدەست نەهێنا بۆیە نەبوون بەخاوەنی هیچ كوردسیەكی پەرلەمان لەساڵی 1992دا، بەڵام بەپێی سروشتی ئێران وباڵی توند ڕەوی ئێسلامی سونە باڵی مەلا عوسمان ومەلاعەلی هەر باوەڕیان بەچەكو توندگەرایی هەبوو بەڵام باڵی یەكگرتووی ئیسلامی باوەڕی بەوە نەبوو كە چەكدار بكرێن ولەڕێگای توندو تیژیەوە بە ئامانجەكانیان بگەن بۆیە چەكو چەكداریان دایە دواوە چوونكە لەلایەك ئەمان وایان پێسپێرابوو لەبەر دڕندەیی سەدام وبەعس لەلایەن ئەخوانینمسلمینی عەرەبیەوە كاتی دروستكردنیان وتیان پێویستە ئێوە تەنها لەڕێگای ڕیكخستنێكی بێچەكەوە خۆتان دروست بكەن چونكە ئەخوان ئەیانزانی ئەگەر بەشێوازی توند ڕەو ئەمان پەروەردە بكرێن ئەوە لەگەل ڕژێمی بەعسو سەدام دا دانویان ناكوڵێت وهەر لەسەرەتای كارەكەدا لەخۆشیان ولەئەخوانیشی تێك ئەدەن چوونكە ئەیانزانی سەدام وبەعس جگەلە خۆیان كەسیتریان قبوڵ نیە بەڵام ئەمان بارنامەی درێژخایەنتریان هەبوو بۆباڵێ ئەخوانی كوردستان.

ماویەتی...

جمال فتاح
2005/10/25
لەندەن